وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی هەڵەبجە کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا  قۆناغی دووەم

# ئاستی دەنگسازی ئاستی وشەسازی

**ئامادەکردنی : شاگوڵ خلیل**

**بە سەرپەرشتی : م . یاسین عزیز**

# ئاستی دەنگ سازی

## چەمک و پێناسەی دەنگ (فۆنەتیک):

فۆنەتیک لەووشەی ( phonetikes ) ی یۆنانی ووەرگیراوە کەئەم ووشەیەش لە ( phone ) ەوە هاتووە کەوەتای زانستی دەنگ دەگەیەنێت فۆنەتیک ئەوبەشە گرنگەی زمان سازیە کەلەدەنگ دەکۆڵێتەوە ، بەجۆرێک لە درووستکردن و گواستنەوە و ووەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە .

کەواتە فۆنەتیک لقێکە لەزانستی دەنگ کەلەپەیدا بوونی دەنگ و ژمارەی دەنگەکان لەهەر زمانکێدا دەکۆڵێتەوە . هەروەها ئاماژە بەئەندامەکانی ئاخاوتن دەکات کەبەژداری لەدروست کردنی دەنگدا دەکەن وەک ( دەم ،لووت،ددان ،لێوو،هتد....)

## لقەکانی فۆنەتیك ﴿دەنگ﴾

١.فۆنەتێکی فیزیکی : فۆنەتیکی فیزیکی ڕواڵەت و ناوەڕۆک و چۆنیەتی درووست بوونی شەپۆلی دەنگ و چۆنیەتی ڕۆیشتنی ئەوە شەپۆلانە دەگرێتەوە دەنگ لەشێوەی شەپۆلدایە بەهۆی جوڵانەوەی هەواوە درووست دەبێت .

دەنگ کۆمەڵە شەپۆلێکە کەبەهەوادا دەڕوات خێرای ئەو کۆمەڵە شەپۆلانەی دەنگ پێک دێنن دەگاتە 1100پێ لەیەک چرکەدا . لەرینەوەی دەنگ بەهۆی تەنێکەوە یان بەشێوەیەکی ڕێک دەبێت وەک درووست بوونی هەر دەنگێکی زمان یان بەشێوەیەکی ناڕێک وەک (هەرا و گڤە گڤ).

شەپۆلەکانی دەنگ ساکار بن یان ئاڵۆز بەخول دەڕۆن ، ڕۆیشتنی یەکەم کۆمەڵە گەردیلەی هەوا و گەڕانەوەی بۆ شووێنی خۆی پێی دەووترێ خوول .

٢.**فۆنەتیکی درکاندن :**فۆنەتیکی درکاندن چۆنیەتی کارکردن و جوڵانەوەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە  ئەو ئەندامانە هەر یەکە لە درووست کردنی هەر دەنگێکدا بەشێوەیەکی جیاواز دەجوولێتەوە فۆنەتیکی درکاندن باسی جوڵانەوەی هەر ئەندامێک دەکات و بە پێی  ئەوجوڵانەوەیە دەستنیشانی سنووری هەر دەنگێک دەکرێت .

3.فۆنەتیکی بیستن : ئەرکی گوێ و گەیاندنی ئەو دەنگانەی  کەهەڵگری زانیارین بەمێشک دەگەیەنن . بەشێوەیەکی گشتی فۆنەتیکی بیستن لەچۆنیەتی کارکردنی  گوێ و ئەندامەکانی گوێ دەکۆڵێتەوە .

## گوێی ئادەمیزادیش لە بیستندا سێ ئەرکی هەیە :-

أ .کۆکردنەوەی دەنگ کەهەڵگری زانیاریە
ب .گواستنەوەی دەنگ یان گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە
ج .شیکردنەوەی زانیاریەکان

4.**فۆنەتیکی تاقیکردنەوە :** بەشکی گرنگی زانستی دەنگە چونکە بەکارهێنانی ئامێر دەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستی دەنگ لەڕووی فیزیکی و جوڵانەوەی ماسوولەکانی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە لەکاتی درووست بوونی دەنگدا .

## پەیوەندی نیوان دەنگ و پیتی و فۆنیم:

دەنگ :لەڕێگەی ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێت و بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێت .

پیت : وێنەی دەنگە بەنیشانە لەنووسیندا دیاری کراوە بەهۆی بینینەوە وەردەگیری .

فۆنیم : بەو دەنگانە دەووترێ کەلەزماندا وشە پێکدێنن بەگۆڕان و لابردنیان واتا دەگۆڕێ .

# جیاکردنەوەی پیتەکانی زمانی کوردی :

دەتوانرێ بەئاسانترین شێواز   پیتەکانی زمانی کوردی  لەیەک جیابکرێنەوە  بەم شێوەیە :

١.پیتی ( ب، ت، پ،) بەخاڵ لەیەکتر جیادەکرێنەوە
٢. پیتی (ج،چ،خ،ح)بەخاڵ لەیەکتر جیادەکرێنەوە
٣. پیتی (ڕ ، ر) بە دانانی نیشانەی حەوت جیادەکرێتەوە
٤. پیتی (ک،گ )بەدانانی هێڵێکی ڕاست پیتی (گ)لە (ک)جیادەکرێنەوە
٥. پیتی ( ا ،ە ،ی،ئ،م،هـ،د،)ئەمانە سەربەخۆن

ڕێژەی بەهێزی دەنگە بزووێنەکان جیاوازە و بەپێی ڕێژەی کرانەوەی دەم دەگۆڕێت ڕێژەی کرانەوەی دەمیش لەدەنگێک بۆ دەنگێکی تردەگۆڕێت ئەمەش وای کردووە کە دەنگەکان دابەش دەبن بۆ بزووێن و نەبزووێن دەتوانرێ بەم شێوەیە دابەش بکرێت

1. ئەگەر ڕێژەی کرانەوەی دەم زۆر بێت ئەوا جۆری دەنگەکان بزووێنە وەک ( ا )
2. ئەگەر ڕێژەی کرانەوەی دەم ناوەندی بوو ئاوا جۆری دەنگەکەی بزووینە وەک (ۆ ، ێ)
3. ئەگەڕ ڕێژەی کرانەوەی دەم ئاسایی بوو جری دەنگ بزوونە وەک ( ە )
4. ئەگەر ڕێژەی کرانەوەی دەم نیمچە کراوەبوو ئاوا جۆری دەنگ بزووینە وەک (ی ، و)
5. ئەگەر ڕێژەی کرانەوەی دەم نیمچە داخراو بوو جۆری دەنگ نەبزوونە وەک (س، ش،ف،ڤ،م،)
6. ئەگەر ڕێژەی کرانەوەی دەم داخراوو بوو جۆری دەنگ نەبزووێنە وەک (ب، پ،د،ک،گ، )

# ئاستی وشەسازی

وشەسازی(مۆرفۆلجی)چییە؟

وشەسازی لە چەند ڕوویەکەوە پێناسەکەی ڕوندەکەینەوە.بەم شێوەیە:-

**وشەسازی لەڕوی واتای زمانەوە:-** بەواتای وشە سازکردن واتە پێکهاتنی وشەدێت وشەکە لە ٣بەش پیکهاتووە .وەك .

وشە+ساز(ڕەگی سازان)+پاشگری (ی)بۆتە زاراوەیەکی زمانەوانی کە باسی وشەو مۆرفیمەکانی زمان دەکات.

# پیناسەی وشەسازی وەك و زاراوەیەکی زمانی/زمانەوانی :-

**وشەسازی :** زانستێکە لە وشەومۆرفیمیەکانی زمان دەکۆڵێتەوە پیناسەی  جیاجیای لەسەرچاوە زمانەوانیەکاندابۆکراوە لەوانە.

**وشەسازی:** لقیکە لە زانستی ڕیزمان لە پێکهاتنی وشەیە پێشگروپاشگر و ناوگرو ڕەنگ دەکۆڵێتەوە ڵقەکانی تری ڕیزمان ڕستەسازییە.

**وشەسازی:** لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی وشەیە: یەکێکە لە هەردوبەشی ڕێزمان بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی وشە دەدات بە تایبەتی لە رووی پێکهاتەی مۆرفیمیە کانیەوە.

# ئەرکی وشەسازی :

ئەرکەکانی وشە سازی ئەمانەن :

١. دەست نیشانکردنی کەرەستە خاوەکان واتە پێکهاتەکانی وشو سازی

٢. چۆنیەتی ریزبوونی مۆرفۆمەکان و لە سنوری رستەو گرێ.

٣. دەست نیشانکردنی مۆرفۆمەکان واتە بەستنەوەی فنتۆلۆخی بە وشەسازی.

# زمانی کوردی بەپێی مۆرفیم:

1. زمانە دابڕاوەکان
2. زمانە نوسەوەکان
3. زمانە تێک ڕژاوەکان
4. زمانە ئەرکییەکان
5. زمانە ناوگریەکان

# سەرچاوەکان

کتێب : دەنگ سازی

نوسەر:د.نەریمان خۆشناو

کتێب:وشە سازی زمانی کوردی

نوسەر :پ.ی.د.ڕەفیق شوانی

https://zaniary.com/blog/602f97e178d5f/%D9%88%D8%B4%DB%95%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%DA%86%DB%8C%DB%8C%DB%95-%D9%88-%D8%AA%D8%A7%DB%8C%D8%A8%DB%95%D8%AA%D9%85%DB%95%D9%86%D8%AF%DB%8C%DB%8C%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%86%DB%8C%D9%86#h2